حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (١١٢) لە ٢٠٢١/٩/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٥) لە ٢٠٢١/٩/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی ڕەشنووسی (پلانی نیشتمانیی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢١-٢٠٢٥) بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان لەسەر درا.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ داڕشتنی پلانی جێبەجێکردنی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە لەناو پلانە نیشتمانییەکە ئەرکی جێبەجێکردنیان پێ سپێردراوە و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی سکرتاریەتی ئەنجومەن لە بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنی پلانەکە و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران